له نێوان دوو فووکردنەکە (بە کەڕەنادا) چل هەیە، ووتیان: ئەی ئەبو هورەیرە چل ڕۆژ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، ووتیان: چل ساڵ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، ووتیان: چل مانگ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە نێوان دوو فووکردنەکە (بە کەڕەنادا) چل هەیە»، ووتیان: ئەی ئەبو هورەیرە چل ڕۆژ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، ووتیان: چل ساڵ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، ووتیان: چل مانگ؟ ووتی: ناتوانم هیچ شتێک بڵێم. (پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) فەرمووی: «هەموو شوێنێکی مرۆڤ لەناودەچێت (دەڕزێت) جگە لە ئێسکی کلێنچکە (عجب الذنب) نەبێت، لەم بەشەوە (خودا) هەموو لاشەکە دروستدەکاتەوە، پاشان خودا لە ئاسمانەوە ئاوێک دەبارێنێت؛ (بوونەوەرەکان) دەڕوێن هەروەکو چۆن (ڕووەکێکی سەوز) دەڕوێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبی هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە گوێی لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە باسی ماوەی نێوان فووی یەکەم (بە کەڕەنادا) کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو خەڵکی بمرن و فووی دووەم (بە کەڕەنادا) کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو خەڵکی زیندوو بنەوە چل هەیە، ئەبو هوریرە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ماوەی ئەو چلە نێوان ئەو دوو فووکردنە؟ ئایا مەبەستی چل ڕۆژ یان مانگ یان ساڵە؟، بەڵام ئەو نەیتوانی وەڵام بداتەوە چونکە دڵنیا نەبوو وهیچ شتێکی لە پێغەمبەرەوە نەبیست -صلى الله عليه وسلم- لەو بارەیەوە، وپاشان -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە هەموو شوێنێکی مرۆڤ لەناودەچێت (دەڕزێت) جگە لە ئێسکی کلێنچکە (عجب الذنب) نەبێت، لەم بەشەوە (خودا) هەموو لاشەکە دروستدەکاتەوە، پاشان خودا لە ئاسمانەوە ئاوێکی زۆر (بارانێکی زۆر) دەبارێنێت وەکو مەنی پیاو وایە؛ (بوونەوەرەکان) دەڕوێن هەروەکو چۆن (ڕووەکێکی سەوز) دەڕوێت، وپاشان خەڵکی دەوەستن بۆ لێپرسینەوە لە پێش پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکان -سبحانه وتعالى-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4929